بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

# بڕیار

## ژمارە (18) ساڵی 2012

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (24) لە 11/ 6/2012 بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (7)ی ساڵی2012**

**یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە ڕۆژی 2012/7/16 بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژ دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)، بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**<u>هەولێر</u>**

26/ **حوزەیران** /2012 **ی زایینی**

6/ **پوشپەڕ** / 2712 **ی کوردی**

6/**شەعبان** / 1433 **کۆچی**